

# لاشەیەکی داگیرکراو یان ئەکتەرێکی زاد

## ژن وەک ئەکتەر نەک قوربانی ژنی ئالان تورێن


۲



دکتۆر عادل باخەوان*

ئەو ژنەی کە ئالان تورێن باسی دەکات نەك هەر خۆی وەك قوربانی ناخاتە سەر شانۆ، بەڵکو لەڕێگای تەواوی دەربڕینەکانییەوە دەیەوێت پێمانبڵێت کە بە گۆشت و ئێسقانەوە ژنە و شوناسی ژنبونی دەسەلمێنێت. ڕاستە ئەم ژنە، لەمێژووی کۆمەڵایەتی خۆیدا، ڕووبەڕووی چەندین «نادادپەوردەی» بووەتەوە، بەڵام ئەمە ڕێگای لێناگرێت کە خۆی وەك ئەکتەر نەك قوربانی بناسێنێت. ژنبون تەنها تێبینیکردنی واقیعێکی ئامادە نییە، بەڵکو سەلماندنی «خواستێکە« کە دەیەوێت چوارچێوەی «وجودیی» بەخۆی بدات. لێرەوە ژنان ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیانەن کە دەیانەوێت وەك ژن، بەوشێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێت، بژین. پێناسەکردنی خود وەك ژن بریتییە لە گواستنەوەی ژن بۆ نێو سەنتەری ژیانی خودی خۆی، بەشێوەیەك کە جۆرێکی تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆیدا دابمەزرێنێت، بەو مانایەی کە خۆی دەبێت بە سەنتەری تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی.

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت



**ئالان تورێن پێیوایە کە، هەروەک چۆن چینی کرێکاران نەیدەتوانی و ناتوانێت هەبێت و دەربکەوێت، بەبێ سەلماندنی شوناسی کرێکاربوون، بەبێ وشیاری کرێکاری، ئاواش بەبێ سەلماندنی شوناسی ژنبون و بەبێ وشیاری ژنبون، مومکین نییە شتێک بەناوی ژنی ئازاد، ژنی سەربەخۆ بونی هەبێت**

وەك چۆن ڕۆژئاوای هەژموندار، بەپێی ئیدوارد سـەعید، ڕۆژهەڵاتی وەك بونیەیەكی ئەفسانەیی، غەیبی، بەربەر داهێناوە، دەسـەڵاتی نێرینەش ژنی وەك شاراوە، لەرزۆك و كەمەندكێـش داهێنـاوە. ئەمە ئـەو بیناكردنەیە كە دەبێت سەرلەنوێ هەڵوەشێنرێتەوە. جودیت بوتلەر(Butler, 2006) داوامان لێدەكات كە سۆراخی «جینیالۆجیای» شوناسی مێینە بكەین، شوناسێك كە لەسەر «ناواندنی» دوانەی لێكدژیی نێوان ژن و پیاو بیناكراوە، ناواندنێك كە هەلومەرجێك ئامادە دەكات كە تیایدا بەئاسـانی پیاوان كۆنترۆڵی دەسـەڵاتی كلتوری و كۆمەڵایەتی بكەن و لەڕێگایەوە چوارچێوە بۆ ژنان دەستنیشانبكەن.

ئەمە ئەو سەرەتایەیە كە ئالان تورێن بۆ چوونە نێو كتێبە تایبەتەكەی بەناوی «جیهانی ژنان» بەكاریدەهێنێت. ئەم كتێبە وەك وەڵامدانەوەیەكی ناڕاسـتەوخۆی كتێبەكەی پیـەر بۆردیۆیە كە بەناوی «هەژمونـی نێرینە« چەند سـاڵێك پێشـتر بڵاویكردبوەوە(Bourdieu, 2002). لە «جیهانی ژنان»دا(Touraine, 2006) و بۆ یەكەمجار تورێن لەبەرامبەر بۆردیۆدا ڕادەوەستێت و تێزی «بەدیل» بۆ خوێندنەوەی هەلومەرجی ژنان پێشنیار دەكات.

هەر لەسـەرەتاوە ئـالان تورێن هەمو ئـەو كاتیگۆریانە پشـتگوێدەخات و فڕێیـان دەداتـە پەراوێزەكانـەوە كە لەلایەن دەسـەڵاتی پیاوانەوە وەك كاتیگۆری كەلتوری و كۆمەڵایەتی بە مەبەسـتی خوێندنـەوەی «جیهانی «ژن» بیناكراوان. گرفتـی یەكەمی ئەم كاتیگۆریانە لەوەدایە كە لە پیاوانەوە دێن و ئاڕاسـتەی ژنان دەكرێن؛ واتـە ئامانجی یەكەمیان بریتیە لـە بەهانە دۆزینەوە بۆ هەژمونی هەمیشەیی نێرینە.

لێرەوە تورێن خۆی جیا دەكاتەوە لەگەڵ هەمو ئەو گێڕانەوە گەورانەدا كە لەسەر چەمكی «یەكسانیگەرایی» نێوان ژن و پیـاو بیناكراون. تورێن هەر وەك چۆن كۆمەڵگەی بێ چین بە وەهم ناو دەبـات، ئاواش كۆمەڵگەی «یەك سێكسی» وەك وەهم دەخاتە سەر شانۆ. كۆمەڵگەی یەك سێكس ئەو كۆمەڵگەیەیە كە سێكسی ژن و سێكسی پیاو دەسڕێتەوەو تەنها وەك مرۆڤ وێنایان دەكات (Burgelin and Basse, 1987).

ئـەم جیابوونەوەیـە و مـەودا وەرگرتنـە لەگـەڵ «یەكسانیخوازەكان»دا، تورێن دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی كە تیۆری جەندەر(ژەندەر)یش بە توندی ڕەد بكاتەوە، چونكە پێیوایە كـە لەقوڵاییەكانیدا ئەو مێكانیزمە ئیش دەكات كە زانسـتە كۆمەڵایەتیەكان ناویانناوە «دێتێرمینیسمی كۆمەڵایەتی»(دێتێرمینیسـم بەو پرۆسێسە دەوترێت كە تیایدا چەند بونیەیەكی كۆمەڵایەتی دێن و دەستنیشانی چۆنیەتی بون و دەركەوتنی مرۆڤێك یان گروپێك دەكەن« عەرەبـەكان بە هەڵـە كردویانە بە حەتمیـەت »). واتە لەنێـو تیۆری جەندەردا دەركەوتنی ژن و كاركردنی لەنێو ڕوبـەرە كۆمەڵایەتیەكاندا پەیوەنـدی بە پێگەی خودی ژن لەنێـو كۆمەڵگەدایـە. بەزمانێكی دیكە پێگەی ژن لە كۆمەڵگەدا دەستنیشـانی چوارچێوەكانی پراكتیكی ژیانـی هەمو ڕۆژێكـی دەكات(Clair, 2012). لێرەوە ژن دەبێت بەو كائینەی كە توانای بەرهەمهێنانی خودی

**ڕەخنە لە چەمکی «یەکسانی» تورێن بەرەو ختوکەدانی میشێل فۆکۆش دەبات و پێماندەڵێت : ململانێ لەپێناوی یەکسانیدا دەمانباتەوە سەر تێزەکانی میشێل فۆکۆیەک کە دەیویست باوەڕمان پێبکات کە ئێمە هەمیشە چاودێری دەکرێین، کۆتوپێوەند دەکرێین، بەکاردەهێنرێین و سزادەدرێین، بەتایبەتی کاتێک کە دەمانەوێت «موقاوەمەی» ئەو بیلدۆزەرە کۆمەڵایەتییە بکەین کە ئازادیەکانمان ڕادەماڵێت**



خـــۆی وەك ئەكتەر نیە و لاوازترە لـــەوەی كە بتوانێت ببێت بە كەسی ســـەربەخۆ. تورێن پێیوایە كە كارەساتی ئـــەم «دیتێرمینیســـمە كۆمەڵایەتییـــە« لەوەدایە كە ناتوانێت مێژووی تاكە كەســـی ژن، هەستە تایبەتەكان، پەیوەندییەكانی بە جیهانەوە ببینێت و هەمو ئەو شـــتانەی كە بەشـــداری دەكـــەن لە پێكهاتەی كەســـایەتی ئەودا پەردەپۆش دەكات. هەر ئەمەشە وا لە ئالان تورێن دەكات كە چەند «خودگەراییەكی» ڕوتوقوتی ژن ڕەد بكاتەوە، هێندەش دژایەتی «دیتێرمینیسمی كۆمەڵایەتی» بكات و پێیوایە شوناســـی تاقانەی ژن زۆر لـــەوە ئالۆزترە كە تەنها بەیەكێك لەم دوانە بخوێنرێتەوە. نانسی چۆدۆرۆڤ یەكەم ســـایكۆلۆگی فیمینیستە كە بەتوندی ڕوبەڕوی «دیتێرمینیسمی كۆمەڵایەتی» دەبێتەوە و پێیوایە كە ئەم مێكانیزمە، كە وابڕیارە پشتیوانی بزوتنەوە فیمینیستەكان بكات و ببێت بە چەكی دەســـتی خۆ ئازادكردنیان، نەك هەر ئەمە نـــاكات، بەڵكو بزاوتەكانیـــان ئیفلیج دەكات (Chodorow, 1999).

لە هەمان كاتـــدا تورێن نایەوێت لەنێـــو چوارچێوەكانی سایكۆلۆژیادا خۆی تۆمار بكات و بەدوای سەلماندنەكانیدا بگەڕێت. ئەو كە سۆســـیۆلۆگە، پێماندەڵێت لە زنجیرەی توێژینەوە مەیدانیەكانی لەســـەر ژناندا، بۆی دەركەوتووە كە ئەوان لەنێو پرۆسێســـی خولقاندنی خودی خۆیاندان و هەمو ئەو كەرەســـانە مۆبیلیزە دەكەن كە دەیانبەنەوە سەر ئەم ئامانجە سەرەكییە. بێگومان تورێن نەك هەر دژایەتی بزوتنەوە فیمینیستەكان ناكات، بەڵكو پێیوایە لەسێبەری بزوتنەوەكانـــی ئەواندا ژنان توانیویانـــە چەندین مافەی سەرەكی بەدەستبێنن و لەئێستادا كەس زاتی ئەوە ناكات كە دەست بۆ ئەم مافانە بەرێت. بەڵام ئەو دژایەتی ڕوانینە «یەكسانپەرســـتیەكان» بەمانای سڕینەوەی سێكسەكان دەكات. لێرەوە ئەو پێیوایە باشـــترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە یەكســـانییەكی تەندروست بە سڕینەوەی تیۆری جەندەردا تێدەپەڕێت و پێیوایە ئەم تیۆریە خۆی لەخۆیدا گرفتێكی گەورەیە لە ڕێگای یەكســـانییەكی تەندروستدا، چونكە هەر لە بناغەدا لەســـەر بڕیاری پێشـــینەی «هەژمونی نێرینە« بیناكـــراوە. واتە لەبەرئـــەوەی هەژمونی نێرینە ئامادەیە، ژنان دەبێت لەپێناوی یەكســـانیدا تێبكۆشـــن. ئەمـــە وادەكات كە هەر لەســـەرەتاوە میتۆدەكە بەهەڵەدا بڕاوات. لای تورێن باشـــترین یەكسانی نێوان سێكسەكان بریتی نییە لە ســـڕینەوەیان، بەڵكو بریتییە لە سەلماندنی جیاوازیەكانیـــان. ئەو پێیوایە كـــە ململانێی ژنان دەبێت لە پێناوی بەدەســـتهێنانی مافی «جیاوازی»دابێت نەك «یەكســـانی». بەم پێیە جیاوازی وەك چەمك جێگای یەكسانی دەگرێتەوە.

ڕەخنە لە چەمكی «یەكسانی» تورێن بەرەو ختوكەدانی میشێل فۆكۆش دەبات و پێماندەڵێت : ململانێ لەپێناوی یەكســـانیدا دەمان باتەوە سەر تێزەكانی میشێل فۆكۆیەك كە دەیویست باوەڕمان پێبكات كە ئێمە هەمیشە چاودێری دەكرێیـــن، كۆتوپێوەند دەكرێین، بەكاردەهێنرێین و ســـزا دەدرێین، بەتایبەتی كاتێك كە دەمانەوێت «موقاوەمەی» ئـــەو بیلدۆزەرە كۆمەڵایەتییە بكەین كـــە ئازادیەكانمان ڕادەماڵێـــت (Foucault, 1993). تورێن ڕوبەڕوی ئەم تێـــزە دەبێتەوە و پێیوایە كە، توێژینەوە مەیدانیەكان و داتا كۆكراوەكان، پێچەوانەی ئەم دەرەنجامانە دەدوێن و ئەوەی كە هەیـــە گەڕانی بەردەوامی ژنە بەدوای چۆنیەتی خۆ خولقاندندا وەك كائینی سەربەخۆ نەك قوربانی.

ئەو ژنەی كە ئالان تورێن باســـی دەكات نەك هەر خۆی وەك قوربانی ناخاتە ســـەر شانۆ، بەڵكو لەڕێگای تەواوی دەربڕینەكانییـــەوە دەیەوێت پێمان بڵێت كە بە گۆشـــت و ئێسقانەوە ژنە و شوناسی ژنبونی دەسەلمێنێت. ڕاستە ئەم ژنە، لە مێژووی كۆمەڵایەتی خۆیدا، ڕووبەڕووی چەندین «نادادپەوردەی» بووەتەوە، بەڵام ئەمە ڕێگای لێناگرێت كە خۆی وەك ئەكتەر نەك قوربانی بناسێنێت. ژنبون تەنها تێبینیكردنی واقیعێكی ئامادە نییە، بەڵكو ســـەلماندنی «خواســـتێكە« كە دەیەوێت چوارچێـــوەی «وجودیی» بەخۆی بدات. لێرەوە ژنان ئـــەو ئەكتەرە كۆمەڵایەتیانەن كە دەیانەوێت وەك ژن، بەوشێوەیەی كە خۆیان دەیانەوێت، بژین. پێناسەكردنی خود وەك ژن بریتییە لە گواستنەوەی ژن بۆ نێو ســـەنتەری ژیانی خودی خۆی، بەشـــێوەیەك

**لای تورێن باشترین یەكسانی نێوان سێكسەكان بریتی نیە لە سڕینەوەیان، بەڵكو بریتیە لە سەلماندنی جیاوازیەكانیان. ئەو پێیوایە كە ململانێی ژنان دەبێت لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی «جیاوازی»دابێت نەك «یەكسانی». بەم پێیە جیاوازی وەک چەمک جێگای یەكسانی دەگرێتەوە**



که جۆرێکـــی تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆیدا دابمەزرێنێت، بەو مانایەی کە خۆی دەبێت بە ســەنتەری تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی.

ئــەو گوتارەی کــە لە ئێســـتادا بەنێو بەشـێکی زۆر لە میدیاکاندا کشــاوە بریتییە لەوەی کە ژن لەژێر هەژمونی نێرینەدایە، ژن بووە بە کەرەســەی سێکسی، پێویستە مافی نوێ بە ژن ببەخشرێت، ژن لە هەلومەرجێکی داڕزاو و لاوازدا دەژی،...، بــەڵام تورێن پێمان دەڵێت کە لە هەلومەرجێکی ئــاوادا و لەپەنای ئەم گێڕانەوە تیۆریە خۆســەپێنەرەدا لە بیرمان دەچێت واقیعێکی دیکــەی کۆنکرێتی هەیە کە هیچ پەیوەندیەکی بەم بیناکردنە تیۆریەوە نییە، کە ئەویش واقیعی ژنە وەك ئەکتەری سەربەخۆ، ئازاد، خاوەن خواستی خۆبیناکار.

ئالان تورێن پێیوایە کە، هــەروەك چۆن چینی کرێکاران نەیدەتوانی و ناتوانێت هەبێت و دەربکەوێت، بەبێ سەلماندنی شوناســی کرێکار بوون، بەبێ وشیاری کرێکاری، ئاواش بەبێ ســەلماندنی شوناسی ژنبون و بەبێ وشیاری ژنبون، مومکین نییە شــتێك بەناوی ژنی ئازاد، ژنی ســەربەخۆ بوونــی هەبێــت. ئەو پێیوایە لەئێســتادا ژنــان لە یەک کاتدا شوناســی ژنبونی خۆیان دەســەلمێنن و وشیارن بە هەلومەرجی ژنبونیان. بۆیە باسکردنیان وەك قوربانی دورە لە واقیعەوە.

تورێــن پێیوایە کــە گرنگی ئەم وشــیاریە لەوەدایە کە بەهیچ شێوەیەك لەپێناوی دژایەتیکردنی پیابون، نێرینەدا دروســتنەبوە و خۆی بینانەکردوە، بەڵکــو زیاتر گەڕانە بەدوای ژنبون وەك خودی خۆبەدهێنەردا، کە ئەولەویەت بــە دامەزارندنی پەیوەندی لەگــەڵ خودی خۆیدا دەدات نەك لەگــەڵ ئەوانی دیکەدا. ئەم ژنــە خۆی لەپێناوی خۆیــدا و بۆ خۆی و لەنێو خۆیــدا بوونی هەیە و دەژی، نەك لە پێناوی ئەوانی دیکەدا و بۆ ئەوانی دیکە و لەنێو ئەوانیدیکەدا.

Bourdieu, P. (2002). La domination masculine: suivi de Quelques questions sur le mouvement gay et lesbien (Paris: Seuil).
Burgelin, O., and Basse, M.-T. (1987). L'unisexe. Communications 46, 279–303.
Chodorow, N. (1999). The power of feelings personal meaning in psychoanalysis, gender, and culture (New Haven, Conn.: Yale University Press).
Clair, I. (2012). Sociologie du genre (Paris: A. Colin).
Foucault, M. (1993). Surveiller et punir: naissance de la prison ([Paris]: Gallimard).
Touraine, A. (2006). Le monde des femmes (Paris: Fayard).

* سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس

**جودیت بوتلەرداوامانلێدەکات کە سۆراخی «جینیالۆجیای» شوناسی مێینە بکەین، شوناسێک کە لەسەر «ناواندنی» دوانەی لێکدژیی نێوان ژن و پیاو بیناکراوە، ناواندنێک کە هەلومەرجێک ئامادەدەکات کە تیایدا بەئاسانی پیاوان کۆنترۆڵی دەسەڵاتی کةلتوری و کۆمەڵایەتی بکەن و لەرێگایەوە چوارچێوە بۆ ژنان دەستنیشانبکەن**

# ئافرەتی خاوەن بڕوانامە بە دەگمەن لە پۆستە کارگێڕییەکان بەشدار دەکرێن

**گەرچی لە ئاســتی وڵاتانی پێشکەوتوودا هەوڵ دراوە دەرفەتی یەکسان بۆ دامەزرانی ئافرەتان و پیاوان لەپۆستە کارگێڕییەکان بڕەخسێنن، بەڵام لە زۆربەی وڵاتە نەریتییەکان جیاوازییەکی زۆر لەو بوارەدا دەکرێ، لە هەرێمی کوردستانیش ئەو جیاوازییانە دیاردەیەکی بەرچاون و ئافرەتی خاوەن بڕوانامە بە دەگمەن لە پۆستە کارگێڕییەکان بەشدار دەکرێن. ئەگەر دوائاماری قوتابیانی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری بە نوونە وەر بگرین، دەبینین لە کۆی (٣٥٩٢) قوتابی کە لەو کۆلێژە دەخوێنن، (٢٢٩١)یان ڕەگەزی نێر و (١٣٠١)کەسیان لە ڕەگەزی مێن، لە کۆلێژەکانی دیکەی زانکۆکان و لە پەیمانگەکانیش بە ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتان دەبیندرێن و دەرچووان و خاوەن بڕوانامەکانی ئافرەتیش زۆرن، بەڵام بە هۆکاری جیاواز کەمتر لە پۆستە کارگێڕییەکان دەبیندرێن.**

**حکومەت و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و ئەو ئافرەتانەی لە پۆستە باڵاکاندان و بەهیچ شێوەیەک کاریان بۆ ئافرەتان نەکردووە، لە بواری بەشدارنەبوونی ئافرەت لە پۆستە کارگێڕییەکان کەمتەرخەمن**

## بەشداری ئافرەتانی هەرێم لە بواری ئیداری و پۆستی باڵا لە وڵاتانی ناوچەکە زۆر زیاترە

«ئەگەر کەمێك وردبینەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کچان کەمتر ڕوو دەکەنە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیشەی کارگێڕی پیشـــەیەکە لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر لەگەڵ ڕەگەزی پیاودا گونجاوترە، گەرچی زۆر کچیش دوای دەرچوون لەم بەشـــە ڕوویان لە کارکردن کردووەو لە بەشی کارگێڕی دامودەزگاکاندا دامەزراون، بەڵام دوای ئەوەی کە چوونەتە نێو پرۆســـەی هاوسەرگیرییەوە، ئەو پۆستانەیان بەجێ هێشـــتووەو ڕوویان لەو پیشـــانە کردووە کە بۆ ئەوان ئاسانترە، وەك مامۆســـتایی، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە کچان خۆیان لەسەرەتاوە ڕوو ناکانە ئەو کارانەی کە بۆ ئەوان ئەســـتەم دەبێت و پیشـــەیەك هەڵدەبژێرن کە کەمتر ماندوویان بکات». ئەوە دەستپێکی قسەکانی پســـپۆڕی کارگێڕی ئومێد کاکل بوو. ئەو پۆســـتە کارگێڕییەکان دابەشی چەند بەشـــێك دەکات، (یەکەم:پۆستە باڵاکان کە پۆستی وەزیـــر و بریـــکاری وەزیر و ڕاوێـــژکار و بەڕێوەبەری گشـــتی و جێگری بەڕێوبەری گشـــتی و شـــارەزا دەگرێتەوە. دووەم: پۆستە کارگێڕییەکانـــن کە لـــەڕووی ئیدارییەوە بە پۆســـتە ناوەندییەکان هەژماردەکرێـــن، وەك بەڕێوبەری بەشـــەکان و بەڕێوبەری بنکەکان دەگرێتـــەوە، ســـێیەم هەمـــوو فەرمانبەرانی ئاســـایی دەگرێتەوە .گوتیشی «ئافرەتانی هەرێمی کوردستان لەڕووی پۆستی باڵاوە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە پشکی شێریان بەرکەوتووە، چونکە بەشـــداری ئافرەتان لە پۆستە کارگێڕییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت ناگاتە (١٢٪) بۆ نموونە بەشـــداری ئافرەتان لەپۆستە بـــاڵاکان لە وڵاتێکی وەك بەحرەین لە (٠٢٪) تێپەڕ ناکات، بەڵام لە هەرێمی کوردســـتان ئافرەتان (٣٠٪)ی پەرلەمان پێکدەهێنن، ئەمە بێجگەلەوەی کە ئافرەتان بەشداری تەواویان لە پۆستەکانی دیکەدا هەیە، بەڵام گرفتی ئافرەتان ئەوەیە کە لەپۆستەکانی ناوەندیدا وەك بەڕێوبەری بەشـــەکان بەشـــدارییان زۆر کەمە، بۆ نموونە ئافرەتمان زۆرە کە بەڕێوبەری گشتی، یان ڕاوێژکاربن، بەڵام ئافرەتمان کەمە لە فەرمانگەیەك کە بەڕێوبەری کارگێڕی بن».

## ئافرەتانی فەرمانبەر لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێبەشن

ئومێد کاکل لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «حکومەت وەك پێویســـت بەرنامەی بۆ ئافرەتان دانەڕشتووە کە بتوانن پێگەی کارگێڕییان هەبێت»، گوتیشی «بێگومان ئەمڕۆ ڕێژەی قوتابیانی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری کوڕان دوو بەرامبەری قوتابیانی کچ دەبن، بەڵام ئەگەر بۆ دە ساڵ بەر لە ئێستا بگەڕێینەوە، بەپێچەوانە بووە، چونکە زۆربـــەی قوتابیانی ئەم کۆلێژە ڕەگەزی مێینەبوون، بـــەڵام چەندین هۆکار وایکردووە کـــە کچان روو لەم کۆلێژە نەکەن، بەبڕوای من یەکەمیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەرچووی ئەم بەشە دەکرێنە فەرمانبەر، ئەوەشـــمان لەیاد نەچێت ئافرەتی کۆمەڵگەی ئێمە دوای چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری زۆربەیان ناتوانن وەك فەرمانبەر بمێننەوەو دەیانەوێت ببنە مامۆســـتا، ئەمەش هۆکاری هەیە لەوانە ئافرەتانی فەرمانبەر لـــە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێبەشـــن، بۆ نموونە ئافرەتێك لە فەرمانگەیەك زۆر ماندووەو هەتا کاتژمێر ســـێ لەدەوام خەریکی کارکردنە، کە دەشڕواتەوە بۆ ماڵەوە دەبێت خزمەتـــی ماڵ و مێردی بکات و خەمـــی منداڵانی بێت، ئەمە گرفتە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کەمتەرخەمی یەکەم حکومەتە، کەمتەرخەمـــی دووەم ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنانن، کەمتەرخەمی ســـێیەمیش ئەو ئافرەتانەن کە لە پۆســـتە باڵاکاندان و بە هیچ شـــێوەیەك کاریان بۆ ئافرەتان نەکردووە، ئەمانە هەمووی هۆکارن».

## ئافرەتی کورد خۆی لە کاروباری کارگێڕی بەدوور دەگرێ

توێژەری کۆمەلایەتی شەوین عەلی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت



«ئەگەر تەماشا بکەین ڕێژەی قوتابیانی کوڕ دوو هێندەی ڕێژەی قوتابیانی کچە، هۆکارەکەشی بۆ چەند خاڵێك دەگەڕیتەوە، یەکێك لەوانـــە ئەوەیە کە لـــە کۆمەڵگەی ئێمە زیاتـــر گرنگی بە کوڕان دەدەن، بـــۆ ئەوەی دریژە بەخوێندن بـــدەن، ئەمە بێجگە لەوەی کە کچان کەمتر ڕوودەکەنە کارێك کە ئەرکی بەرپرســـیارێتی تێدابێت، و زیاتر ڕوودەکەنە ئەو پیشـــانەی کە ماوەی کارکردنیان کەمترە وەك مامۆســـتایی ئەمەش بە ڕوونی دیارە، واتە زۆربەی ئافرەتی کورد خۆیان لە کاروباری کارگێڕی بەدوور دەگرن».

بەبڕوای ئەو توێژەرە ڕێگەکانی چارەسەرکردن زۆرن، لەوانە: پێویستە هەوڵبدرێت سیســـتەمێکی تایبەت بەخوێندنـــی ئافرەتان هەبێت کە حکومەت گرنگی زیاتر بەدامەزراندنی ئافرەتان بدات. گوتیشـــی «بەداخەوە ئەگەر ئێمە ڕووپێوێکی بەرفراوان لەسەر ئاستی شاری هەولێـــر ئەنجام بدەیـــن، لەکۆی ئەم هەمـــوو وەزارەت و بەڕێوبەرە گشتی و فەرمانگە حکوومییانە کەمترین ڕێژەی ئافرەت لەپۆستە کارگێڕییەکاندان، وەك بەڕێوبەری کارگێڕی و بەڕێوبەری خۆیەتی و بەڕێوبـــەری میـــلاکات و بەڕێوبەری بەشـــەکان، بەپێچەوانەوە سەرجەم ئەم پلە و پۆستانە لەلایەن پیاوانە دەستی بەسەردا گیراوە، ئەمەیە گرفـــت، بۆنموونە من ماوەکانی ڕابردوو چوومە یەکێك لە فەرمانگەکان کە بەڕێوبەری ئەو فەرمانگەیە ئافرەتیش بوو، کەچی ئەو ســـێ بەشەی کە باسمکرد (کارگێڕی و خۆیەتی و میلاکات) لەلایەن سێ پیاوە بەڕێوە دەبرا، لەکاتێکدا سەرجەم فەرمانبەرەکانی ئەم بەشانە ئافرەت بوون، کە واتە کۆمەڵگە قبووڵی ئافرەت ناکات، گـــەر وانەبێت، لە پانزە ئافرەتی فەرمانبـــەر دەتوانرا ئەو بەڕێوبەرە ئافرەتەوە ســـێ ئافرەتی بەتوانا دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی کارەکان بەڕێوەبەرن، واتا کێشەکە لە بوونی ئافرەتی پسپۆڕدا نییە و کێشەکە لە کۆمەڵگەیە» .

**بەشداریی ئافرەت لەپۆستە کارگێڕییەکان گەندەڵی کەم دەکاتەوە**

ئابووریناس شـــەهلا عەلی، سەرەتا باســـی ئەوە دەکات کە بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجوومەنی گشـــتیی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەرکەوتووە کە بەشـــداریی ئافرەت لەپۆســـتە کارگێڕییەکان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گەندەڵـــی، ئەمەش لەچەند وڵاتێکی جیهاندا هەستی پێکراوە، نموونەشی بە وڵاتانی ئەنگۆلا، باشووری ئەفریقا، زمبابوی هێناوە کە ئافرەتان لە زۆر پۆســـتی ئیداریدا بەشدار کراون و گەندەڵـــی کەمتر بووە، بەڵام ئەمە گشـــتگیر نییە، واتە نابێتە مەرج، چونکـــە ئافرەتیش هەیە گەندەڵـــە، ئافرەتیش کە نەتوانێ کارەکەی بپارێزێت، یان کەمتەرخەمی تیا بکات، تووشـــی سستی و گەندەڵـــی دەبێت، بەڵام گرنگە ئەوەیـــە بزانرێت کە ئافرەتان کە تاچەند توانیویانە بەشـــداری لەکارەکاندا بکـــەن، بۆ نموونە تەنیا لەچەنـــد مانگی رابـــردوودا چەندین پۆســـتی گرنگ لەهەرێمی کوردســـتان کەوتە دەســـت ئافرەتان، بەلام ئەوە گرنگە کە ئافرەتان بتوانن بە ئەمانەتەوە کار لەم پۆســـتانە بکەن و ســـەرکەوتووبن، بۆ ئەوەی بیســـەلمێنن کە توانای بەڕێوەبەری و کارگێڕییان هەیە.ئەو ئابووریناسە جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەتانی کوردستان بەراورد بە ئافرەتانی وڵاتانی ناوچەکە پێگەیەکی باشتریان هەیە.

ئارام شـــاهید مامۆســـتای زانکۆیە و لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گـــوڵان ئاماژە بەوە دەکات کە «ڕێـــژەی قوتابیانی کوڕ و کچ لە زانکۆکانی کوردستان ئێســـتا لەیەکتر نزیك بۆتەوە، پیشتر ئافرەتان زۆرینە بوون لە قوتابیانی زانکۆ چونکە ساڵانی رابردوو ڕێژەیەکی کوڕان بەهـــۆی خراپی باری گوزەرانەوە، وازیان لەخوێندن هێنابوو، بەڵام ئێســـتا باری ئابووری بەشـــێوەیەکی گشتی بەرەو باشتربوون چووە، لەبەر ئەوە هەردوو ڕەگەز وەك یەکتر دەخوێنن» . گوتیشـــی «ئافرەتانی بەشـــداری کارایان هەیە، بەڵام کێشـــەکە لەوەدایە کە دابەشـــکردنی پۆســـتەکان لە هەرێمی کوردســـتان لەسەر بنەمای حزبییە، نەك پسپۆڕی.»

**لەچەند مانگی رابردوودا چەندین پۆستی گرنگ لەهەرێمی کوردستان کەوتە دەست ئافرەتان، بەڵام ئەوە گرنگە ئافرەتان بتوانن بە ئەمانەتەوە کار لەم پۆستانە بکەن و سەرکەوتووبن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن توانای بەڕێوەبەری و کارگێڕییان هەیە**

# دەزگا حكوومی و ناحكوومییەكان لە جێبەجێنەكردنی یاسـ

**پەرلەمانی كوردستان لەماوەی سێ خولی كاركردنیدا سێ یاسای لە بەرژەوەندیی ئافرەتان هەمواركرد، (یاسای باری كەسی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و یاسای بەكارهینانی مۆبایل)، چالاكانی بواری مافی مرۆڤیش بە لەبەرچاوگرتنی نەریت و كەلتووری كۆمەڵگە ئەو یاسایانە بە دەستپێكی هەنگاونان بەرەو كۆمەڵگەیەكی**



## جێبەجێنەكردنی یاساكان ڕەهەندێكی كۆمەڵایەتییان هەیە

مافپەروەر سلێمان ڕەشید، لە لێدوانێكیدا بۆ گوڵان سەبارەت بە پرسی سستیی لە جێبەجێكردنی یاساكانی تایبەت بەئافرەتان دەڵێت «پێویستە لەكاتی قسەكردن لەسەر جێبەجێكردنی یاساكان هیچ جۆرە جیاكردنەوەیەك بۆ یاساكان نەكرێت، بەوەی كە ئەم یاسایە تایبەتە بەئافرەتان یان نا، سستی لە جێبەجێكردن یان جێبەجێنەكردنی یاساكانیش ڕەهەندێكی كۆمەڵایەتییان هەیە، لە ڕاستیدا جێبەجێكردنی یاسا لەكۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر ئەستەمە، چونكە كەلتووری جێبەجێنەكردنی یاسا بەشێكە لەنەریتی كۆمەڵگەی ئێمە، بۆیە تائێستا جێبەجێكردنی یاسا لەناو كۆمەڵگەدا نەبۆتە كەلتوور، ئەمە بێجگە لەوەی ئەگەر خێزانێك كێشەیەكیان هەبێت، نایبەنە دادگا و خۆیان لەناو خۆیاندا كێشەكەیان چارەسەر دەكەن، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە مەبن خوشكێك بچێت بۆ دادگا و سكاڵا لەسەر براكەی تۆماربكات، یان دایكێك سكاڵا لەسەر كوڕەكەی یان هاوسەرەكەی تۆماربكات، چونكە كۆمەڵگە نەفرەتی لێدەكات و ئەو كەسەش لە نەریتی كۆمەڵایەتی دەترسێت، بە بڕوای من ئەمانە هەمووی دەرئەنجامی نەریتی كۆمەڵایەتین و وایكردووە بەیاسا زۆر ئەستەمە چارەسەر بكرێن».

## یاسای گرنگمان هەیە بەڵام سزای كەسی بەهێز نادات

سلێمان ڕەشید هێمای بۆ ئەوە كرد كە سێ یاسای زۆر گرنگی تایبەت بەئافرەتان لەسێ خولی رابردووی پەرلەمانی كوردستاندا هەمواركرانەوە، لەوانە: یاسای باری كەسی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و یاسای بەكارهێنانی مۆبایل، گوتیشی «دەتوانرێت ئەو یاسایانە گەر لە ناوەندەكانی دادوەری و دادگاكان جێبەجێ بكرێن، سوودی زۆریان بۆ ئافرەتان دەبێت». بەشێكی زۆر لە یاساناسان دارشتنەوە و هەمواركردنەوەی یاساكان بە هەنگاوێكی زۆر ئەرێنی دەزانن. ئەوەتا، پارێزەر كامیل لەتیف دەڵێت «هەمواركردنەوەی یاسا زۆر پێویست و كارێكی ئیجابییە، چونكە دەبێت یاسا لەگەڵ كێشەكانی خێزان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بگونجێت، بەلام ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە پێویستە پەرلەمانی كوردستان دادگای تایبەتمەندی بۆ جێبەجێكردنی یاساكان هەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە پێویستە پەرلەمان لەدوای هەمواركردنی یاساكان بەدواداچوونی جددییان بۆ بكات».

## بەدواداچوونی جددی بۆ جێبەجێكردنی یاساكان نەكراوە

ئەو پارێزەرە ڕایوایە جێبەجێكردنی یاسا ئەوەندە كارێكی سانا نییەو پێویستی بەكۆمەڵێك پرەنسیپ هەیە، لەوانە شیاندنی كۆمەڵگەو فەراهەمكردنی ئابووری و زەمینەخۆشكردنی



گوڵان: کۆمەڵایەتی

کۆمەڵایەتی، گوتیشی «پەرلەمان تەنیا یاسا دەردەکات و بەدواداچوونی جددی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان نەکردووە، حکومەتیش لە جێبەجێیکردنیان سستی دەکات». سەبارەت بەو یاسانەش کە تایبەتن بە ئافرەتان، گوتی «ناتوانین بڵێین یاساکانی تایبەت بە ئافرەتان جێبەجێنەکراون، چونکە خەڵك هەیە بەهۆی پێشێلکردنی یاسای باری کەسی دەستگیرکراوە، بەڵام سستی لەجێبەجێکردنی یاساکاندا هەیە».

## پێویستە حکومەت بەرنامەیەکی بۆ داهاتی گەورە کچان هەبێت

توێژەری کۆمەڵایەتی عەلی عەزیز، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە «جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بە کۆمەڵێك بنەماوە بەندە، یەکێك لەوانە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە پەرلەمان و حکومەت تەنیا بیر لە دەرکردنی یاسا دەکەنەوە، نەك دروستکردنی زەمینە بۆ جێبەجێکردنی»، نموونەشی بەوە هێناوە کە «ئافرەتێك لە گوندێکی دوورەدەست هیچ زانیارییەکی لە سەر یاسا و مافەکانی نییە، بۆیە لەو یاسایە سوودمەند نابێت، یان ئافرەتێك لە گەڕەکێکی ناوشار دەژی، بەڵام باری ئابووریی ناوازەیەو هیچ داهاتێکی نییە، ناتوانێت لەکاتێکدا کە تووشی توندوتیژی دەبێت، سکاڵا لەسەر مێرد، یان برا، یان باوکی تۆمار بکات». ئەو توێژەرە لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «هەتا ئێستا حکومەت بەرنامەی بۆ گەورەکچان نییە»، گوتیشی «پێویستە حکومەت بەرنامەیەکی لەڕووی ماددی و ئاسانکاری بۆ داهاتی گەورە کچان هەبێت، بۆ ئەوەی چیدی چاو لەدەستی ئەندامانی خێزانەکەیان نەبن و بە چاوی سەربار سەیر نەکرێن».

عەلی عەزیز ئەوەشی دووپاتکردەوە کە «وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لەچەند ساڵی ڕابردوودا دەیانجار ئەوەی باسکردووە کە هەوڵدەدەن کە مافی تاکی خێزانەکان جێبەجێ بکەن، کەچی تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەم لە ئافرەتانی هەژار کە هیچ داهاتێکیان نییە، ١٥٠ هەزار دیناری تەرخان کردووە، ئایا کەس بەو بڕە پارەیە دەژی؟ بۆچی بیر لەوە نەکراوەتەوە کە مووچەی ئەو ئافرەتە هەژارانە زیاد بکرێت؟». گوتیشی «باشترین ماف بۆ ئافرەت ئەوەیە مووچەکەی هاوتا بکرێت، بۆ ئەوەی بێ منەتباری بژی».

ئەو توێژەرە گلەیی لەپەرلەمانیش دەکات و دەڵێت «پەرلەمانتاران بۆ جارێك نەچوون بەدواداچوون لەو شتانە بکەن، چەندان پەلەمانتاری ئافرەتمان هەبووە، هەوڵی چاککردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئافرەتیان نەداوە، گوشارێکیان بۆ حکومەت دروست نەکرد، کە کار بۆ قەیرە کچان بکات». گوتیشی «جیبەجێکردنی یاسا پێویستی بە زەمەنێکی زۆر هەیەو لەم قۆناغەدا جگە لە حکومەت ئەرکی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیشە هانی کۆمەڵگە بدەن، بۆ ئەوەی ڕێز لەیاسا بگرن و کار بۆ بەسیستەمکردنی کۆمەڵگە بکەن».

**جگە لە حکومەت ئەرکی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیشە هانی کۆمەڵگە بدەن، بۆ ئەوەی ڕێز لەیاسا بگرن و کار بۆ بەسیستەمکردنی کۆمەڵگە بکەن**

**چەندان پەلەمانتاری ئافرەتمان هەبووە، هەوڵی چاککردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئافرەتیان نەداوە**

# ـــــاکانی تایبەت بەئافرەتان بە کەمتەرخەم دادەنرێن

**مۆدێرن هەژمار دەکەن، هاوکات نیگەرانیی خۆیان لەوە دەردەبڕن کە هێشتا وەکو پێویست ئەو یاسایانە جێبەجێ ناکرێن. وەڵامی ئەو پرسیارەش کە دەزگا حکوومی و ناحکوومییەکان تا چەند کاریان بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بەئافرەتان کردووە؟ لەبەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە وەردەگرین.**

**ئافرەتێک لە گوندێکی دوورەدەست هیچ زانیارییەکی لە سەر یاسا و مافەکانی نییە، بۆیە لەو یاسایە سوودمەند نابێت**

